# ژماردن

**کامیار ئەحمەدی**
**(سنە)**

دەرگـاکـەی پێـوەدا، کـۆتەکـەی بەدەسـتـەوەیە، سـەری داخستووە و بەرەو ئاخری ڕاڕاوەکە ڕێ دەکا، تاکو دەگاتە پلیکانەکان، وەکو ڕۆژانی پێشوو دانەبەزێ سەرکەوێت، ئەبێ بۆ قـاتی چوار و پێنج بڕوا، ڕاسـتی ئەم لە قـاتی سێدایە بۆیە من ئەڵێم ئەبێ بۆ قاتی چوار و پێنج بڕوا و ئەڵێم وەکو جارانیش دانەبەزێ بۆ قاتی دوو یەک، یان بۆ ژێر زەمـینەکـەش، قـاتی چوار و پێنج بەجـێدێڵێ، قـاتی شەش کە دوایین قاتی ئەم ئاپاراتمانەیە بەجێ دێڵێ.

دەرگای سەربان دەکاتەوە، پلیکانەکان هەناسە سواریان کردووە، ڕاناوەستێ تا ئارام ببێتەوە، خۆی دەگـەیەنێتـە پاساری بان، قیت لەسەر پاسارەبانی ئەم ئاپارتمانە شەش قاتییـە ڕادەوەستێ، کۆتەکەی لەسەربان دەخاتە خوار و دەسـتـێک لە کـراواتەکـەی دەدا شلی دەکـاتەوە و بەدوای کۆتەکەیدا دەڕوا. خۆی موعـەلەق دەبینێ و دەست دەکا بە ژماردن یەک... دوو... سێ... ١٣، ١٤، ١٥ پیاوێک لە دەرگـای سـوور و دارینی ژوورێک دەدا ٢٦ دەرگـاکـە دەکرێتەوە ١٧، دەرگاکە نیوەکراوەیە ١٨ ژنێکی سەرتاپا سپی دەڵێ: فـەرمـوو ١٩ پیـاوەکـە دەچێـتـە ژووری ٢٠ ژنەکە بۆ نیـو مـاڵ ڕێنوێنی دەکـا و خۆی لەسـەر مـوبلـەکـە دادەنیشێ. ٢١ پیاوەکە لە بەرانبەر ژنەکە دادەنیشێ ٢٢ وێنەیەک لەسـەر تەپلـەکـەکـە دایە ٢٣ پیـاوەکـە دەڵێ: ژنەکە تۆی ئەی پیاوەکە کێیە؟ ٢٦ دەڵێ شووم بوو شەش ساڵ پێش، لەم ئاپارتمانە کەوتە خوار ٢٥ پیاوەکە وێنەکە دادەنێ و جـوان سـەیری چاوانی ژنەکـە دەکـا ٢٦ ژنەکـە هەڵدەسـتێ و لەسـەر تەخـتـە دوو کـەسـیـەکـە دەمـەو ڕوو دەکـەوێ ٢٧ پیـاوەکـەش لەسـەر تەخـتـەکـە درێژ دەبێـتـەوە، دەنگی ژمـاردن ئیـتـر نایێ،چەند کـەس لەبەر ئاپارتمانـەکـە بوون دەریان دەگرت.

یەکێ گوتی: دکتۆر

ئەوی تر گوتی: مردووە

**پاوە ١٦/ ٩/ ٢٠٠٣**



**بۆ ئەوبەری شەقام، تەنیا سێ هەنگاو**

لەخەو هەستا، کەسێکی تر لە ماڵ نییە.
بەرەو توالێتەکە دەڕوا، وابزانم.
بۆ چوون بۆ حەمام و دەستشۆر دەبێ ئەم دەرگا بکرێتەوە و ئەم دەسکە بسووڕێتەوە.
ئێستا دەستی بە دەسکەوەیە، دەرگای کردەوە. سەرپێکەی لە پێی ڕاستی کرد، ویستی دووەمیان لەپێکا، قاچی لە ژێر دەرچوو بە پشتا کەوت و سەری کێشرا بە کاشییەکاندا خوێن لەسەری فچقەی کرد و مرد.
ژنەکە لە حەمامەوە دەنگی دێ و داوای خاولی دەکا، خاولییەکەی هەڵگرت. دەسکەکەی سووڕاندەوە، ویستی سەرپێکان لە پێکا، قاچی لە ژێر دەرچوو بە پشتا کەوت و مرد.
ویستی بۆ یەکەم جار لە ژیاندا جارێک پێکەوە حەمام کەن. دەستی بۆ دەسکەکەی برد ئێستا دەستی بە دەسکەکەوەیە، دەنگی شوڕەی ئاو لە حەمامەوە دێ، بۆ ۲۰ چرکە دەچێ کە هەروا دەسکی بە دەسکەکەوەیە.
نەیسووڕاندەوە.
بە پەلە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی تر، منیش بە دوایدا دەڕۆم. جلەکانی لەبەرکرد. دەیەوێ لە ماڵەکە بچێتە دەر، وابزانم
پێڵاوی لە پێ کرد و لە ماڵەوەش چووە دەر و منیش بە دوایدا دەڕۆم.
۲۰ مەترێک لە منەوە پێشکەوتووە، دەیەوێ لە شەقام بپەڕێتەوە، وابزانم.
– هەی.. وریا بە.. ماشێن ... ماشێن
بەڵام نە دەنگی من و نە قیژەی لاستیکی ماشینەکەی نەبیست، ماشێن لێی دا و ۲۰ مەتر فڕێی دا و بە پشتا کەوتە نێوەڕاستی شەقامەکە، هەڵاتم و خۆم گەیاندە سەر سەری.
۲۰ چرکەش لەسەر تەرمەکەیەوە وەستام.
دەمەوێ لە شەقامەکە کە ئێستا زۆر قەرەباڵغە بپەڕمەوە تا لەو بەرەوە پاکەتێک بکڕم و خێرا بگەڕێمەوە
چونکە ئێستا دەست دەکا بە هاوارکردن و داوای خاولی دەکا...

**سنە ١/ ٤/ ٢٠٠٧**